Kurdistannet کوردستان نێت

Revolutionaries Union of Kurdistan
Secretary General

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
سکرتێری گشتی

## سەرۆکی هێژا جەنابی کاك مەسعود بارزانی

سڵاوێکی برایانەی گەرم

به ناوی خۆم و سەرجەم تێکۆشەرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە بەبۆنەی هەڵبـژێرانتان به سەرۆکی کوردستان پیرۆز باییەکی گەرمتان پێشکەش دەکەم.

هەڵبەت بۆ ئێمە رێبوارانی رێگای ئازادیی کوردستان جەنابتان هەر سەرۆکێکی هەڵکەوتوو بوون بۆ گەلی کورد کە شەرعیەتتان لە دەیان ساڵ خەباتی بێپسانەوەی رێی ئازادی کوردستان و هەڵویستە مێژوییەکانتان و پشتیوانی گەلی کورد و هێزە سیاسیەکانی وەر گرتبوو.

ئێمە هەمیشە دڵنیا بووین لەوەی بەڕێزتان ئەمانەتی خاك و گەلی کوردستان و هەڵکردنی ئاڵاکەی کە میراتی رێبەرانی وەك شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخ عەبدوسەلامی بارزانی و شێخ سەعید و سمکۆی نەمر و پێشەوا قازی مەحەممەد و ژێنێراڵ بارزانین، بەگیان دەپارێزن. ئەمڕۆ رۆحی ئەوان شادە کە گەلی کورد و هێزە سیاسیەکانی یەکگرتووانە باشترین هەڵبژاردەیان هەڵبژاردووە.

ئێستاش کە پارلمانی کوردستان ئەو بڕیارە مێژوییەی دەرکردووە، رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانیدا پشتیوانی دڵقایمتانن و چاویان لێتانە.

لەم رۆژە مێژوییەدا و لە سەردەمی چارەنووسسازی نەتەوەکەماندا جارێکی دیکە بە ئەرکی خۆمانی دەزانیین رابگەیەنینەوە کە بۆ ئازادیی یان پاراستنی بستێك خاکی نیشتمان هیچ سنورێك ناناسین و تەوفیر بە هیچ پارچەیەکی کوردستانی پیرۆز ناکەین و لە ژێر سەرۆکایەتی بەڕیزتاندا پێشمەرگەی گیان لە سەر دەستی گەل و ئاو و خاکی کوردستانین.

**لە گەڵ پیرۆزبایی دووبارەدا**

**براتان: حسەین یەزدانپەنا**

23/**جۆزەردان**/2705 **کوردی**

13/**ژوئەنی**/2005